# مۆنتیسکۆ..



و/ هێمن مەحمود
دەربەندیخان
hemnm1979@yahoo.com

لە تازەترین کتێبی خۆیدا(سوزان گۆردۆن)ی لێکۆڵیار لەمێژووی فیکری فەرەنسی بەگشتی و فەلسەفەی مۆنتیسکۆ بەتایبەتی،وێنەیەکی گشتگیری مێژوویمان دەربارەی ئەم بیرمەندە دەداتێ کە لەسەدەی ڕۆشنگەریدا ژیاوە و تیورەی دەسەلاتی تازەی داهێنا کە لەسەر جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لە یەکتری، دروستبوە.

مۆنتیسکۆ لە باشوری ڕۆژئاوای فەرەنسا و نزیك بەشاری(بۆردۆ ) لەساڵی 1689 لەدایکبوە و لەساڵی 1755 و لەتەمەنی شەست و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

چونکە لەخێزانێکی ئەرستۆکراتیش بوو هەربۆیە وەك ( ژان ژاك ڕۆسۆ ) لە ژیانیدا هەژاری نەبینی.

سەرەڕای ئەوەی لە منالێیدا چ لەماڵ و چ لە خوێندگاش پەروەردەیەکی مەسیحیانە پەروەردە کرابوو کەچی هەر کە گەورەبوو بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ئاین دورکەوتەوە.

کاتێکیش تەمەنی بیست ساڵان بوو ئازایەتی دایە بەرخۆی و وتی:

فەیلەسوفە ئەغریقیەکان شایانی بە نەعلەتکردنی ئەبەدی نین سەرەڕای بێ باوەڕیشیان،بە مانایەکی تر ئەوان نارۆنە جەهەنمەوە وەك پیاوانی ئاینی بڕوایان وایە.

ئەم قسەیە بۆ ئەوکات قسەیەکی مەترسیدار بوو،چونکە هەموو کۆمەڵگا دژی بوو بەتایبەت پاپا و کەنیسە.

ئەوان هەمویان بڕوایان وابوو کە سوکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لەبەر ئەوەی کە لە پێش دەرکەوتنی مەسیحدا ژیاون و ئینجیلیان نەناسیوە ئەوا شوێنیان ئاگر و جەهەننەمە.

لە واقیعیشدا مۆنتسیکۆ لەسەرەتای ژیانی فیکریدا ڕۆشنگەر بوە،هەر بۆیە لەبەرامبەر دەمارگیری مەسیحی بەربڵاودا لەسەردەمی خۆیدا ڕێگای عەقل وکرانەوە و لێبوردەیی گرتۆتە بەر.

لەسەرەتای ژیانی زانستیشدا لە ئەکادیمیای(بۆردۆ ) ناوی خۆی دەنوسێ و دواتریش دەستدەکات بە خوێندنی فیزیا وبیرکاری،بەرلەوەش کە خۆی یەکلاییکاتەوە بۆ فەلسەفە و دیراساتی سیاسی تیورەکانی نیوتنی لەسەر ڕێسای سروشتی خوێند.

یەکەم کتێبی گەورەشی بەناونیشانی(نامە فارسیەکان 17219 ) بوو،واتە ئەو کاتەی تەمەنی سی ودوو ساڵان بوو.

بەڵام پێشتریش دوو کتێبی بڵاوکردوەوە کە ئەوەندە گرنگ نەبوون.

فیکرەی سەرەکی کتێبی ناوبراویش ئەمەبوو:
مۆنتیسکۆ هەستی بەوەکردبوو کە ئەو بیروباوەڕ و عاداتە کۆنە بەربڵاوانەی سەردەمەکەی خۆی کە بەسەر فەرەنسادا بەدرێژای سەدەکان زاڵبووبوو ڕوبەڕوی شکستهێنان و ڕوخان بوبویەوە .
ئەو بڕوای وەهابوو کە کۆمەڵگای فەرەنسی نەخۆشەو بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت یان دەیەوێت لە فیکری کۆنەوە بگوازێتەوە بۆ فیکری نوێ.
هەربۆیە مۆنتیسکۆ هەوڵی ئەوەی دەدا کە ئەو پزیشکە بێت کە چارەسەر بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی دەدۆزێتەوە وەك هەموو فەیلەسوفانی دیکە.
لە واقیعیشدا ئەم کتێبە لە هەناویدا ڕەگەکانی کتێبە گەورەکەی دیکەی هەڵگرتبوو:ڕۆحی یاساکان.
کتێبی( نامە فارسیەکان ) لە شێوەی چەند نامەیەکدایە کەئەمیرە ئێرانیەکان ئەوانەی کە لە فەرەنسا عادات وتەقالیدەکانیان خوێندوە نوسیویانە.
لەڕێگای ئەوانیشەوە بەشێوەیەکی هیجا ئامێز ئەو دەمارگیرییە ئاینییەی کە لەسەردەمی لویسی چواردەهەم ودوای ئەویش لویسی پانزەهەمدا هەبوە وعاداتە فەرەنسیەکانی مەحکوم کردوە.
هەروەها ڕەخنەشی لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر گرتوە،بەڵام بێ ئەوەی لێپرسراوێتیەکە بخاتە ئەستۆی هیچ کەس چونکە لەزاری کەسانی بیانیەوە کە نامە بۆ هاوڵاتیانی خۆیان دەنێرن لە ئێران قسەدەکات.
مۆنتیسکۆ کتێبەکەی لەشاری ئەمستردام کە ئازادییەکی زیاتری لە فەرەنسا تیادا هەبوو بڵاوکردەوە بەڵام بێ ئەوەی ناوی خۆی بخاتە سەری.
لە واقیعیشدا ئەو ترسی ئەوەی هەبوو کە بزانن ئەو نوسیویەتی ڕاوەدوینێن.
لەو زەمانەشدا وەها باوبوو کە کتێبەکان ناوی خاوەنەکانیان بەسەرەوە نەبێت چونکە کەنیسەی مەسیحیەت توندترین سزای ئەو فەیلەسوف و زانایانەی دەدا کە لە بیروباوەڕی ئەو دەردەچون.
بۆنمونە دیکارت و گالیلۆ و سپیۆنۆزا ودەیەهای دیکەش بەم شێوەیە کتێبەکانیان بڵاوکردۆتەوە.
مۆنتیسکۆ دژی ئیستبداد و ئوسوڵیەتی ئاینی بوو،سەرەڕای ئەوەش کە دایکی لە سەرخۆشەویستی مەسیحیەت پەروەردەی کردبوو،کەچی دواتر لەبەرئەوەی کە پیاوانی ئاینی لایەنگری دەوڵەمەندان وبەهێزەکان ودەسەڵاتداران دەکەن واز لە مەسیحیەت دەهێنێ.
لەکتێبەکەشیدا( اعتبارات و خواطر حول سیاسة الرومان 1716 ) هێرش دەکاتە سەر ئەم دیاردەیە.
لەم کتێبەدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر دوو ڕوویی پیاوانی ئاینی مەسیحی ئەوانەی کە بەوەعزەکانیان میللەتیان فریوداوە بۆ ئەوەی کە شۆڕش لەدژی زوڵم وئیستبداد نەکەن.
بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئە نجامدەدات بۆ ئەوەی توشی سزا نەبێتەوە.
نوسەری کتێبەکە دەڵێت:
مۆنتیسکۆ بەر لەوەی شێوازی دەسەڵاتێکی دادگەر و ڕاست داڕێژێ سەرەتا بنەماکانی دەسەڵاتی پێشو یان باو ،ئەوەی کە لەسەر ئیستبداد وزوڵم بنیاتنراوە ڕەخنە دەکات.
ئەمەش کارێکی سروشتیە ،چونکە تۆ ناتوانی هیچ بنیات بنێیت بەرلەوەی هیچ بڕوخێنیت،یان هیچ پێکەوە گرێبدەیت بەرلەوەی کە هیچ هەڵبوەشێنیت.
هەربۆیە هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی کۆن مەرجێکی زەروری ویەکەمین بوە بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی تازە و

دارشتنی تازەگەرییەکی سیاسی لەفەرەنسا وهەموو ئەوروپادا.
هەر ئەمەشە مۆنتیسکۆ لە کتێبە گەورەکەیدا کە ناوی بە نەمریی هێشتەوە لە مێژودا واتە (ڕۆحی یاساکان) ئە نجامی دەدات.
ئەم کتێبەش بەناوبانگترین کتێبی سیاسیە لە مێژوودا، ڕەنگە تەنها کتێبی سیاسەتی (ئەرستۆ) یاخود کتێبی پە یمانی کۆمەلآیەتی(ژان ژاك ڕۆسۆ) لەو چاکتر بن.
بەلآم بۆچی لەو چاکترن؟چونکە لەڕووی یەکسانیەوە بەرامبەرن، تەنانەت لەهەندێ ڕووشەوە لەئەو باشترن.
کتێبەکەی (مۆنتیسکۆ) ڕۆحیکردەوە بە سیاسەتی سەردەمە تازەکاندا،هەروەك کتێبەکەی ڕۆسۆ( پە یمانی کۆمەلآیەتی) کردی،هەردوکیان خاوەن کاریگەرییەکی یەکلایکەرەوەن لەسەر شۆڕشی فەرەنسی و سەرکردەکانی.
کتێبی (ڕۆحی یاساکان) گرنگترین و جوانترین کتێبی مۆنتیسکۆیە،دەتوانین ئەوەش بلێین کە هەموو ژیانی لە نوسین وئامادەکردنی ئەم کتێبەدا بەسەر بردوە.
یەکەمین جاریش دوای سی سالٚ لە کار لە (ژنێف) بلآوکرایەوە.
هەربۆیە ئەم کتێبە هەموو عومری مونتیسکۆ وهەلٚبژاردە و تەئەمولاتیەتی لە سیاسەتی فەرەنسی وجیهانیدا.
لەم کتێبەدا هەموو دەزگا سیاسیەکان ئەوانەی کە لەو کاتەدا هەبون چ لە فەرەنسا وچ لەدەرەوەی فەرەنساش دەخاتە بەر باس،بەر لەوەی بڕواتە قۆناغێکی دیکەی کارەوە:کە ئەویش گەلآلەکردنی شێوازێکی تازەی دەسەلآتە جیاواز لەو شێوازە تەقلیدی و ئیستبدادیەی پێشوتر.
بەم مانایە مۆنتیسکۆ یەکێکە لە گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەگەلٚ ڤۆلتێر و ڕۆسۆ ودیدرۆ و کانت وئەوانی دی.
هەروەها مۆنتیسکۆ داوای دامەزراندنی ڕژێمێکی سیاسی تەواو لیبرالٚی دەکات:
واتە کراوە بەسەر زانست وعەقلٚ و دوور لە دەمارگیری و ئیستبداد ،بەلآم بڕواشی وەهایە پەرەپێدانی ڕژێمی سیاسی حازر وا پێویستدەکات سەرەتا بنەمای یاساکانی پێشوتر شیبکەینەوە، ئەو یاسایانەی کە هە یمەنەی بەسەر بەشەرییەتدا کردوە لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا.
هەروەك چۆن پێویستیشە ڕێسا هاوچەرخەکانیش شیبکرێنەوە:واتە ئەوانەی لەسەردەمی خۆیدا و لە ژێرسایەی لویسی چواردەهەم و پانزەهەمدا باو بوە.
مۆنتیسکۆ بڕوای وایە یاسا بەکارهاتوەکانی هەر چ ولآتێك بێ ئەوەی هیچ گومانێکمان لەوە هەبێت، عادات و تەقالید و بڕوا ئاینیەکانی کاریگەرییان هەیە لەسەری.
هەروەك چۆن شوێنی جوگرافی و بارودۆخی ئابوریش
کاریگەرییان هەیە لەسەری.
ئەمە یەکە مجاریشە کە بیرمەندێك بە شێوەیەکی زانستی و مەوزعی بە مجۆرە و بەو وردیی وسەرسوڕهێنەرییە و بەو ئاشکرای و جەرائەتەوە دیراسەی یاسا دەکات.
لەم کتێبە گەورەیەشدا مۆنتیسکۆ تیورەکەی گەلآلەکرد کە هەرسێ دەسەلآتەکە لە یەکتری جیادەکاتەوە:
ئەوانیش دەسەلآتی یاسادانان و دەسەلآتی جێبەجێکردن و دەسەلآتی دادوەرییە.
ئەمەش تیورەی سیاسی نوێ یە کە زالٚە بەسەر کۆمەلٚگا پێشکەوتوەکانی ڕۆژئاوادا.
دەسەلآتی تەشریعیش لەو پەرلەمانەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەلٚك هەلٚیبژاردون،هەر ئەم پەرلەمانەشە کە

یاساکان دادەڕێژی و دەنگی لەسەر دەدات.
بەڵام هەرچی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە ئەوا لە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە،هەر ئەمیش لێپرسراوە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات.
دەسەڵاتی دادوەریش لە وەزارەتی داد و ئەو دادوەرانەدا خۆی دەبینێتەوە کە چاودێری کاری حکومەت دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا لەگەڵ یاساکاندا دەگونجێ یان نا.
هەرچی پێشێلکردنێکی یاساش، لەلایەن دادگاوە لێپرسینەوەی لەبارەوە دەکرێت.
جابۆیە ئەو تیۆرەی کە مۆنتیسکۆ گەڵاڵەی کرد تاوەکو ئێستاش بەکاردێت،بەدڵنیایشەوە بە درێژایی زەمەن چەندین گۆڕانکاری چاککردنی تیادا ئەنجامدراوە ،بەڵام خاوەنی تیورەکە ڕاستی ودروستی تیورەکەی سەلماندوە.
( سوزان ) دواتر دەنوسێ:
دەبێت ئەوە بزانین ئەم کتێبە یەکلایکەرەوەیە لە مێژوی بەشەرییەتدا و لەسەردەمی خۆیدا توشی هێرش بوەتەوە،چونکە پارێزگارەکان و پیاوە ئاینیە مەسیحیەکان زۆر بەتوندی ڕەخنەیان کرد بەو ئیعتیبارەی کە دژی دەسەڵاتی پادشاکانی فەرەنسایە ئەوانەی کە سێبەری خودان لەسەر زەوی.
بەڵام ڕۆشنبیرە ڕۆشنگەرەکان لەسەروی هەموشیانەوە( دلامپیر و دیدرۆ و ڕۆسۆ وڤۆلتێر و ئەوانی دیکەش ) زۆر بەگەرمی پێشوازییان لە کتێبەکە کرد و بەسەرەتای سەردەمە تازەکانیان دانا:سەردەمی ئازادی و دادگەری و لێبوردەیی.
بەڵام هەندێکیان کەموکورتی کتێبەکەشیان لەوەدا دەبینی کە نەزعەیەکی موحافیزکارانەی تیادایە چونکە ئەولەوییەت دەدات بە توێژی ئەرستۆکراتی لەدەسەلاتدا.
ئەمەش شتێکی سروشتیە چونکە مۆنتیسکۆ خۆی بە ئەرستۆکراتی بوە.
بەڵام ناشبێت لەم خاڵەدا موبالەغەبکەین کە تاییەت بوە بەو بارودۆخەوە،چونکە ئێمە لەسەردەمی ئەرستۆکراتیەوە گواستومانەتەوە بۆ سەردەمی دیموکراتی دوای شۆڕشی ئەمریکی و شۆڕشی فەرەنسی.
جا بۆیە ئیدی ئەم مەسەلەیە هیچ گرنگیەکی نیە چونکە زەمەن تێپەڕاندوە.
سەرچاوە/
سایتی البیان الکتب